هەرکەسێک پێویستی موجاهیدێك جێبەجێ بکات لە پێناو خوای گەورە؛ ئەوا ئەو کەسەیش جیهادی ئەنجامداوە

لە زەیدی کوڕی خالیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک پێویستی موجاهیدێك جێبەجێ بکات لە پێناو خوای گەورە؛ ئەوا ئەو کەسەیش جیهادی ئەنجامداوە، وئەوەی پێویستی ماڵ ومنداڵی موجاهیدێك جێبەجێ بکات لە سەر خێر؛ ئەوا ئەو کەسەیش جیهادی ئەنجامداوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەرکەسێك هۆکارەکانی سەفەرکردن وپێداویستیەکان وەکو چەك وسواری وخواردن وخەرجی وهتد بۆ موجاهیدێك دابین بکات وپیشتیوانی بێت لەمەدا؛ ئەوا ئەو کەسە بە موجاهید دادەنرێت وحوکمی ئەوی هەیە، وپاداشتی جیهاد کردنی دەستدەکەوێت. وهەرکەسێك سەرپەرشتیاری کاروباری موجاهیدێك بێت لە خێر وچاکەدا، ونوێنەری بێت لە سەرپەرشتیاریکردنی خێزانەکەی لەکاتی ئامادەنەبوونی؛ ئەوا ئەم کەسەیش بە موجاهید دادەنرێت وحوکمی ئەوی هەیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3437